# شێوازەکانی ئاهەنگی هاوسەرگیری لە دوای کۆڕۆنادا




ئەگەرچی پەتای کۆڕۆنا ماوەیەك بەرەو نەمان هەنگاوی نا، کە ئەوەش جێگەی دڵخۆشی خەڵکی جیهان و کوردستان بوو، پرۆسەکانی هاوسەرگیری بۆ ماوەیەك وەستان، چونکە هەر ئاهەنگێك واتە کۆبوونەوەی خزم و دۆستان لە ئاهەنگەکانی بووك و زاواکانیادا، بەم چەشنە بووایە خەڵك زیاتر تووشی پەتاکە دەبوو، هەر بۆیە لە دوای ئاسایی بوونەوەی ژیانی خەڵکەوە، بەرە بەرە کچان و کوڕانی دەستگیراندار یان ئەوانەی نیازی هاوسەرگیریان هەبوو، دەستیان بە هەنگاوەکانی ئاهەنگ کرد، ئەوەش بە مەرجی خۆپارێزی و دوورکەوتنەوە نێوان تاکەکاندا، لە کوردستان چەندین ئاهەنگی تایبەت و بچووك ڕێکخران، کە بووك و زاوا بە دەمامکەوە بەشداری ئاهەنگەکانیان کرد، ڕەیان و هاوژین، لەم ماوەیەدا ئاهەنگی هاوسەرگیریان بوو، هەردووانیان بە دەمامکی پزیشکی خۆیان داپۆشببوو، تا بەرکەوتەی کەسانی تووشبوو نەبن، هەروەها بۆ پاراستنی خۆیان لەو ڤایرۆسەدا، لە جیهانیش چەندین شێوازی سەیری ئاهەنگی هاوسەرگیری ئەنجامدران، لەوانە: دانانی وێنەی ئامادەبووان لە جیاتی ئامادەبوونیان، پەخشی ڕاستەوخۆی ڕێورەسمی ئاهەنگی بووك و زاوا، دووری نێوان بووك و زاوا لە ئامادەبووان کە بە ئەستەم یەکتریان دەبینی، هەروەها دانانی کورسییەکانی ئاهەنگ بە چەند مەترێك دوورتر لە یەکتر.



# ساڵۆنەکانی جوانکاری لە سەردەمی کۆرۆنادا

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کۆرۆنادا هەموو ئیش و کارێك بە گشتی سست و کەم بوونەوەیان پێوە دیاربوو، تەنانەت هەندێکیان ئیش و کاریان نەما کە بۆ ماوەیەکی کاتی بە مەبەستی بەریەك نەکەوتنی خەڵکەوە داخران، ساڵۆنەکان دیاترین نموونەن کە زەرەرێکی زۆریان پێبگەیشت، لەم بارەیەوە (شەرمین خان) لە ساڵۆن ستۆکهۆڵم گوتی: ماوەی (٣) مانگ ساڵۆنەکەمان داخست، کە ئەوەش بەپێی بڕیاری لیژنەی بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا و وەزارەتی تەندرووستی، بەڵام ئەو کاتەش ئافرەتان داوایان دەکرد کە کاری جوانکاریان بۆ بکەین، سەرەڕای ئەوەی ئێمە پابەندی ڕێنماییەکان بووین، کەچی هەندێ لە ئافرەتان داوایان دەکرد لە ماڵەوە کاریان بۆ بکەین، هەموو کارمەندانی ساڵۆن بە دەمامك و دەستکێشەوە کاری خۆمان دەکەین، بەڵام بە داخەوە زۆربەی ئەوانەی دێن پابەند نین و دەستکێش ودەمامك نابەستن، ئەوانەی دێن بۆ ماکیاژ یان بۆ خۆ جوانکردن دێن، دەیانەوێ جوانییەکەیان دەربکەوێت کەوایە حەز ناکەن دەمامك بپۆشن، چونکە جوانی ڕووخساریان دەشارێتەوە، بەڵام کۆرۆنا کاری لە ئیش و کارمان نەکردووە و ڕۆژانە ئافرەتان و کچان بە مەبەستی خۆڕازاندنەوە و جوانکاری سەردانمان دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە (سروە خان) کە وەستای ساڵۆنە دەڵێ: کاریگەری کۆرۆنا لەسەر هەندێ لەو ساڵۆنانەی کە کارمەندی ئیرانی و بیانیان هەبوون بەدی کرد، کە خەڵك لە ترسی ئەوەی کۆرۆنا لە ئێران و وڵاتانی دەرەوە هاتووە، سەردانی ئەو ساڵۆنانەیان نەدەکرد، لە ترسی ئەوەی نەوەك کۆرۆنا لە کارمەندە بیانییەکانی ساڵۆنەکەمان بگرنەوە.



# دەمامکی زێڕ لە کوردستان و جیهان

کۆڕۆنا وەك ڤایرۆسێکی سەردەم نەگبەت باڵی بەسەر هەموو جیهاندا کێشا، بووە جێگەی نەهامەتی و بێزاری بۆ هەموو خەڵکی جیهان، لە کوردستانیش ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کەم ژیان وەستا، کە خەڵك لە کەرەنتینەدا کاتەکانی ژیانیان تێپەڕاند، بەڵام ژیان نەوەستا و ژیانی دوای کۆڕۆنا بەردەوامە، پاشمەوەی ئەو نەخۆشییە وایکرد هەندێ کردەوە و هەنگاو بوونە ئەمری واقع، یەکێك لەوانە دەمامکی زێڕە چ بۆ خانمان و چ بۆ پیاوان، زێڕینگیر سیپان خالید، باسی لەوە کرد کە خانمانێکی زۆر داوای دەمامکی زێر دەکرد، تەنانەت چەندین دەمامکی زێڕمان دروست کردوون، بەتایبەت بۆ ئەوانەی کە ئاهەنگی هاوسەرگیریان هەبووە، ئەگەرچی دەمامکەکە شتێکی سادەیە لە نەخشی جۆراوجۆرە، بەڵام داواکاری زۆری لەسەرە، لە جیهانیش لە وڵاتی ئیسرائیل گرانترین دەمامك دروست کرا، کە نرخی گەیشتە (١,٥) ملیۆن دۆلار، ئەو دەمامکە لەلایەن کۆمپانیای (ئیڤل) کە کەسێك بە ناوی (ئیسحاق لیڤی ) خاوەندارێتی دەکات، دەمامکە زێڕینەکەی لە عەیاری (١٨) دروست کرووە و بە (٣٦٠٠) پارچە ئەڵماسی رازاندۆتەوە.



## کاریکاتێر

ئەو کاریکاتێرە باس لە ڕۆڵی پزیشك و دکتۆران دەکات، کە بەرگریان لە جیهان کرد تا ڤایرۆسی کۆرۆنا نەتوانێت هەموو جیهان داگیر بکات.



## فۆتۆگراف

وێنەیەکی سەرنجڕاکێشی فۆتۆگرافەری ئەمریکی (ئەناند ڤارما)یە، لە دایکبووی ساڵی (١٩٧١)ی شاری ئەتلانتای ویلایەتی جۆرجیایە، بە ڕەچەڵەك هیندستانییە و دوای ئەوەی کۆچ دەکات بۆ ئەمریکا ڕەگەزنامەی ئەمریکی پێدەدرێت، وێنەکە باس لە جاڵجاڵۆکەیەك دەکات، کە لە کاتی هێلکەداناندایە، وێنەکە بە کامێرای (Canon EOS 5D) و بە خێرایی شەتەری (١٩٧/١) گیراوە و هەروەها (F-stop-16.0) و (Fo-cal Length – ١٠٠mm) و (ISO-160) گیراوە.





## دەمامکی کۆرۆنا

زانیومانە کە دەمامکی پزیشکی هەیە، کەچی لەم وێنەیەدا دەمامکی ڤایرۆسیش پەیدا بوو، ئەو دەمامکە لەلایەن پۆلیسێکی وڵاتی هیندستان پۆشراوە ئەو پۆلیسە ناوی (راجیش بابۆیە)، دەمامکی ڤایرۆسی لەسەر ناوە، تا بە شێوەیەکی سەیر خەڵك لە مەترسی ئەو ڤایرۆسە ئاگادار بکاتەوە، ئەوەی سەیر بوو کاتێك ئەو پۆلیسە لە شوێنە گشتییەکاندا دەوەستا، خەڵکێکی زۆر لێی کۆ دەبوونەوە و وێنەیان لەگەڵدا دەگرت، کە ئەوەش پێچەوانەی ڕێنماییەکاییەکانی خۆپاراستن بە ڤایرۆسی کۆرۆنایە.

# بیرکردنەوە و فەلسەفە

## قوڵبوونەوەی و بیرکردنەوە لە ڕۆحی گەردوون

ئەزموونی روحانی واتە هەست کردن بە یەکبوون لەگەڵ خودا یا لەگەڵ روحی گەردوون هەر بۆیە زۆربەی ئایینەکان بۆشاییەك لە نێوان خودا و بوونەوەرەکان دادەنێن، بەڵام لە روانگەی کەسێکی روحانییەوە ئەو بۆشاییە بوونی نییە هەر لەبەر ئەوەشە ئەو کەسانەی دەگەنە ئەو پلەیە چ پیاو چ ئافرەت هەست بوون لەگەڵ خودا دەکات و هەست دەکات بۆ لای خودا سەردەکەوێت یا پێی وایە لەنێو خودا دەتوێنەوە. بۆ ئەوەی زیاتر لە روحانی تێبگەین دەبێت بڵێین ئەو « خود » ڕۆژانە خۆمانی پێدەناسێنین نوێنەری ڕاستەقینەی ئێمە نییە چونکە لە ساتێکی کورت هەستبکەین هاوتای خودێکی گەورەترە هەر کاتێك مرۆڤ بوو بە کەسێکی روحانی ئەوکات تووشی هەستێکی ناخۆش دەبێت، چونکە ئەو شتەی هەیەتی لەدەستی دەدات لە پێناو ئەوەی جیهانێکی باشتر بەدەست دەهێنی بۆ ئەوەی خودی راستەقینەش بەدەست بهێنێت دەبێت خودی خۆت ووجودی لەدەست بدەیت هەر بۆیە ئەزموونی روحانی بۆخۆی نایەت دەبێت کەسەکە بە ڕیگەی پاکبونەوە و رووناکی بڕوات ئەوجا دەتوانێت بە ڕۆحی گەردەنوون یا بۆ لای خودا بڕوات. ڕێبازی روحانیەت لە هەموو ئایینەکانی جیهان بوونی هەیە هەرچەندە روحانیەکان کلتور و شێوازی باوەڕیان جیاوازە و ئەزموونی نهێنی خۆیان لە چوارچێوەی تێگەیشتن لە باوەڕیان باس دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی لە ستایشییان بەدی دەکرێت کاتێك روحانیەکان لێکدانەوەی ئایینی یا فەلسەفی ئەزموونیان دەخەنەروو تەنیا باسی ڕابردووی کلتورەکەیان بۆ دەمێنێتەوە.



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

کەسایەتیت جوانە و ڕێگە مەدە کەسانی دیکە کاریگەری لە هەستت بکەن، ئەو بیرۆکانەی هەتە خۆتی پێوەماندوو بکە، ماوەیەك هەست بە دڵتەنگی دەکەیت، ئەوەش کاتییە، بەڵام وریا بە لە ماوەیەکی نزیکدا کەسێك دەیەوێت ناو ژیانت و لێت نزیك بێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ڕەنگە لەبەر ئەو کێشەیەی پێشووت، بۆ ماوەیەك بێزاریت پێوە دیار بێت، بەڵام باشترە بەهێز بیت و ئەوەی رۆیشت لە بیری بکەیت، ئەو کارەی بۆ ئەو کەسە نزیکەت ئەنجامتدا سەرکەوتوو بوو، هێواش و لەسەر خۆبە لە بیرکردنەوە و بڕیاردان.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

کاتێك دەتەوێت کارێك بکەیت، سەرەتا جوان بیری لێ بکەوە و مەهێڵە کەسی دیکە ئەزیەتت بدەن، ئەگەر زانیت کەسێك لە دڵت گرانە، چاکترە لێی دوور بکەویتەوە، هەوڵدانت بۆ سەرکەوتن لە کارەکانت ئەنجامێکی باشی دەبێت بۆت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەو ئاواتەی لە دڵتە وازی لێ مەهێنە و هەمیشە کاری بۆ بکە، ئەو ڕێگەیەی بڕیوتە لێی پەشیمان مەبۆوە و هەمیشە چاوت لەداهاتوو بێت، رابردووت هیچ سوودی نابێت بۆ ئێستات، کاتێك بیر لە خۆت دەکەیتەوە سەیری باشەکانیشت بکە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ماوەیەکە دوو دڵی لە زۆربەی کارەکانت، هەندێ جار وات لێدەکەن کە سارد بیتەوە و هیچ هەنگاوێك نەهاوێژی، بیرکردنەوەی داهاتووت ژیرانەیە و هەمیشە لەگەڵ کاری خۆت بە، ئەگەر توانیت ویستت لە کەسێك نزیك بیتەوە سەرەتا هاوڕێی بە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢


خەریکە بەهێواشی کارەکانت بەرەو چاکبوونەوە دەڕوات، لەو ماوەیەی رابردوو زۆربەی هەنگاوەکانت پڕ گرفت بوون، هەوڵبدە لەگەڵ کەسێك نزیك بیت کە جێگەی متمانەت بێت، هەردەم دڵت کراوە بێت کاتێك کەسێکی تازە دەناسی.

# بۆ زانیاریت

## ئەستێرەناسی بە یۆنانی ἀστρονομί، بە ئینگلیزی:

Astronomy زانستێکی سروشتییە کە لە تەنە ئاسمانییەکان و دیاردەکانیان دەکۆڵێتەوە. بیرکاری و فیزیك و کیمیا وەك هەوڵێك بەکاردەهێنرێن بۆ لێکۆڵینەوە لەو تەنە ئاسمانیانە و دیاردەکانیان و گەشەسەندنیان. تەنە ئاسمانیەکانی وەکو هەسارەکان و مانگەکان و ئەستێرەکان وکاکێشانەکان و هەروەها ئەستێرەکلکدارەکان؛ و دیاردەکان لە نێویاندا تەقینەوەی سوپەرنۆڤاکان و تەقینەوەکانی تیشکی گاما و وردە شەپۆلی گەردوونی تیشکدانی پێشینەیی. بە شێوەیەکی گشتی، هەموو ئەو دیاردانەی لە دەرەوەی بەرگەهەوای زەوی پێكهاتوون لە چوارچێوەی پسپۆڕیەتی ئەستێرەناسییە. هاوبەش بەڵام بابەتێکی سەربەخۆ (فیزیای گەردوونی)ە کە تایبەتمەندە بە لێکۆڵینەوە لە کۆی گەردوون، ئەستێرەناسە پرۆفیشناڵەکان دابەشبوونە بۆ هەردوو لقی چاودێریکەر و بیردۆزگەر. ئەستێرەناسی چاودێریکەر جەختەکاتە سەر بەدەستهێنانی زانیاری لە چاودێریکردنی تەنە ئاسمانییەکان، کە لە دوایدا شیدەکرێتەوە بە بەکارهێنانی بنەما سەرەکیەکانی فیزیا. ئەستێرەناسی بیردۆزی ڕوودەکاتە پەرەپێدانی کۆمپیوتەر و مۆدێلەکانی شیکاری بۆ وەسفکردنی تەنە ئاسمانیەکان و دیاردەکانیان. هەردوو بوارەکە (لقەکە) یەکتری تەواودەکەن، بواری بیردۆزی هەوڵی شیکردنەوەی دەرئەنجامە بینراوەکان دەدات و بواری چاودێریش هەوڵی سەلماندنی دەرئەنجامە بیردۆزیەکان دەدات.





## پەند و وتە

جۆرج بێرنارد شۆ، گەورە نووسەر و ڕۆشنبیری ئیرلەندی، لە ساڵی (١٨٥٦) لە شاری دەبڵن لە ئێرلەندا لە دایك بووە و لە ساڵی (١٩٥٠) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی فەرامۆش کردنی خەڵك دەڵێ: کاتێك رقت لە کەسێك دەبێتەوە، بە تاوانێکی هێندە گەورە دانانرێت، بەڵکو کاتێك فەرامۆشی دەکەیت، بە نەریتێکی وەحشیگەری دادەنرێت.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا، کەسێك لە هەوادا وەستاوە، وادیارە لەسەر باڵەخانەیەکی بەرز بێت و تەنیا بە دەستێك لەلایەن کەسێکی دیکەوە دەستیگراوە، هەوڵدە ڕاستی و دروستی وێنەکە بزانیت.




### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەست دەکەی دڵت تەنگە و زۆر بیر دەکەیتەوە کارەکانت سەر ناگرن، واباشترە دووبارە بەرنامەیان بۆ دابنێ و ئەوەی لە خەیاڵتە بیکە بە ڕاستەقینە و ئەو ماوەیەی داهاتووت ساتە وەختێکی باش دەبێت بۆت، گەشبین بە بۆ ژیانی تایبەتیت.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

پەلە مەکە لە هەنگاوەکانت، چونکە هەندێکیان پێویستیان بە کاتە و تۆش دەتەوێ زوو بۆت ببن، ماوەیەکە لەگەڵ کەسێکی نزیکت کێشەت هەیە، هەوڵبدە بە ئارامی ڕاستییەکانی تێبەگەیەنیت و تا ئەویش پەشیمان بێتەوە، ژیرانە بیر دەکەیتەوە بۆ ژیانی خۆت.




### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

وریای هەنگاوەکانت بە، چونکە ماوەیەکە هەڵەی وا دەکەیت خۆشت بڕوا ناکەیت، ئەو کاتەی پێویستیت بە کەسێکە بە هێمنی تێبەگەیەنە و هاواری بۆی مەبە، لەگەڵ کەسانی ماڵەوەت ڕەفتارت نەرمتر بکە و ماوە ماوە بێکەوە دانیشن و کارەکانت دوا مەخە.




### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەر کێشەیەکت هەبێ، بۆ ماوەیەکی کاتییە و دەڕوات، ئەگەر لەم ڕەفتارانەی خۆت بەردەوام بیت، ڕەنگە کێشە بۆ ژیانی تایبەتیت دروست بکەیت، هەر کەسێك تۆی نەویست تۆش ئەوت نەوێت و کارەکانی داهاتووت بەرەو باشتر دەچێت.



### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

شێوازی ڕەفتار و کارەکانت جوانە و مەهێڵە لەم ڕێرەوەی خۆی تێکبچێت، کاتێك هەنگاوێك بەرەو پێشەوە دەنێت، تووشی گرفت دەبیتەوە و ئەوەش شتێکی ئاساییە، ئەو گرفتانەی نێوان خۆت و کەسی نزیکت چارەسەر دەبن و بەڵام دەبێ هێمن و لەسەر خۆ بیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هەندێك لە بیرۆکەکانت جێگەی سوودمەندی تۆ دەبن، بۆ ئەو کاتە پێویستیت بە پشووە، لەگەڵ کەسی خۆشەویستت نەرمتر ڕەفتار بکە، هەوڵبدە کاتەکانت دیاری بکەیت و لە خۆت مەشێوێنە، بڕیارەکانیشت با دوای بیر کردنەوەیەکی قوڵەوە بێت.